# سەرۆک کۆمار سەرکۆنەی کوشتنی چالاکوان ئەیسەر خەفاجی دەکات



سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە سەرکۆنەی کوشتنی چالاکوان ئەیسەر خەفاجی کرد.

سەرۆک کۆمار لە بەیاننامەیەکدا وتی" کوشتنی ئەیسەرخەفاجی هەڕەشە لە سەقامگیری و پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکات و بە پێشێلکاری بۆ سەروەری یاسا هەژمارد دەکرێت.

هەروەها سەرۆک کۆمار داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە لێکۆڵینەوە بکەن و وردەکارییەکانی ڕووداوەکە ئاشکرا بکەن و هێزە ئەمنییەکانیش ڕێکارە ئەمنییەکان پتەوتربکەن بۆ پاراستنی هاووڵاتیان.